# بەرە یان "بەڕە؟

(بەڕە: گلێم، بەڕ،لەی. ʼهەنبانە بۆرینە، هەژارʼ)

س. ماکوان



مانگێک دەبێ ناوی (بەرە) و هەڵاو هەنگامەی سازکردنی (بەرە) یەک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەوتۆتە سەر زاران یان ڕاسترە بڵێین کەوتۆتە سەر ئینتێرنت. ئەوەی لەم نێوەدا لە هەموو سەرەنجڕاکێشترە ئەوەیە کە پێویستی سازکردنی (بەرە) بە زۆری لە لای ئەو کەسانە یان ئەو گرووپانەوە باس دەکرێ کە لە ڕاستیدا مەبەستیان لە بەرە زۆرتر بوونی خۆیان و دەستەڵاتی ڕێکخراوی سەر بە خۆیان لەو بەرەدایە. واتە مەسەلەی سەرەکی بۆ ئەوان بەرە نیە بەڵکوو "بەڕەیە "، شەڕ و کێشمەکێش لە سەر "لێفە شڕەیە"ی پاش نەمانی دەستەڵاتی کۆماری ئیسلامی لەو بەشەی کوردستاندایە. (هەر لێرەدا دەبێ کۆمەڵێکی بە ژمارە کەم لە کەسانی نیشتمانپەروەر لە ڕیزی دەهۆڵکوتانی لایەنگری بەرە هەڵاوێژرین کە دیارە مەبەستیان لە بەرە تەنیا نیشاندانی دڵسۆزی و کاری چاکەیە بۆ گەلەکەیان) .

لە پێوەندی لە گەڵ هاتنە ئارای هەراوبەزمی (بەڕە) وە چەند پرسیارێک قوت دەبنەوە کە بێ گومان بە بێ وەڵامدانەوەیەکی هەمە لایەنەو ڕاستگۆیانە بەو پرسیارانە بێجگە لە خۆخافڵاندن، ئەنجامێکی گونجاو لەو باسانە وەرناگیرێ:

**1- بیرۆکەی بەرە؟ بۆ پێشتر بەرە ئەنجام نەدرا؟ کۆسپەکان چی بوون؟**

پاش ڕووخانی شا لە ئێران لە ساڵی 79 دوو هێزی کوردستانی حدکا و کۆمەڵە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تێکۆشانیان هەبوو. حدکا وەک چۆن لە هەڵبژاردنەکانی "مەجلیسی خێبرەگان" ئەو دەم دەرکەوت، گەورەترین ڕێکخراوی کوردی بوو و بە دوای ئەودا کۆمەڵە بوو کە بە گشتی لە ناوچەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بە تایبەت شاری سنە نفوزی هەبوو. (لە گەورەترین شار و ناوچە کە گرینگترین شاری و هەرێمی ستراتیژیکییە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان واتە کرماشان هیچ کامە لە دوو ڕێکخراوەیە نفوزیان نەبوو و ئێستاش دیارە هەر نیانە) . حدکا زۆرتر نوێنەرایەتی سیاسەتێکی هێور و سازان لە گەڵ حکوومەتی تازە وەسەرکار هاتووی دەکرد و کۆمەڵەش بە پێچەوانە بە قەولی خۆی نوێنەرایەتی باڵی چەپی دەکرد و ملی بۆ هیچ کۆمپرێمیس و ساچانێک نەدەدا و بە کورتی ئاگری شەڕی لێدەباری. ئەو دەمەی کە بەڕاستی یەکگرنی هێزەکانی گەلی کورد لە هەموو کاتێک پێویستر بوو، بێجگە لە درووست کردنی (دەستەی نوێنەرایەتی گەلی کورد) "هەیئەتی نومایەندەگی خەڵکی کورد" کە مامۆستاشێخ عێزەدین و چریکە فیدایەکان (کەچریکەکان دیارە تەنیا کوردیان ڕەگەڵ کەوتبوو دەنا ڕێکخراوێکی کوردستانی نەبوون) یشی لە گەڵ بوو، هیچ چەشنە هەنگاوێکی بە کردەوە بۆ پێکهێنانی بەرە ئەنجام نەدرا.

دواتر کە کۆماری ئیسلامی هێرشی نیزامی هێنا و ڕوژ بە ڕۆژ پاشەکشەی بە بزووتنەوەی کورد کردو ئاخرەکەشی حدکا و کۆمەڵەی ئاودیوی باشووری کوردستان کرد، نەک تەنیا هەوڵێک بۆ درووستکردنی بەرەیەک ئەویش تەنیا بۆ پاراستنی خۆیان و بەرگری لە بەرانبەر کۆماری ئیسلامی نەدرا، بەڵکوو شەڕێکی خوێناویان لە نێوان یەکتری هەڵایساند، کە بە کوشتنی نزیک بە هەزار پێشمەرگە لە هەردوو لا تەواو بوو کە بێگومان لایەنی سەرکەوتوو لەو شەڕەدا تەنیا حکوومەتی ئیسلامی بوو نەک کەسی دیکە.

سەرباقی زەبرەکانی حکوومەت و شەڕی نێوخۆیی هەر کام لەو ڕێکخراوانەش لە نێو ڕیزەکانی ڕێکخستنی خۆیاندا تووشی پارچە پارچە بوون هاتن و ئەمەش نەک تەنیا ئەو هێزانەی لێک نزیکتر نەکردەوە بەڵکوو بزووتنەوەی کوردی لە ڕۆژهەڵات

زیاتر پرش و بڵاوتر کرد. له حدکادا پێشتر لایەنگرانی کۆنگرەی چوار یان ڕاستره بڵێین لایەنگرانی کۆماری ئیسلامی ڕۆیشتن و دواتر ڕێبەرایەتی "شۆڕشگێر" له سەر میرات و دەسەڵاتی تاکەکەسی جیا بوونەوەو ڕێبەرایەتی حدکاش وەک ئەوەی نه بای دیبێ و نه باران هاتبێ گرینگی بەو لەت لەت بوونه نەدا. کۆمەڵه به بوونه حیزبی کۆمۆنیستی ئێران له ڕێکخراوێکی کوردییەوه بوو به ئێرانی و هەر ئەمەش بوو به سەرەتای نەهامەتی و چاندنی تۆیی دووبەرەکی و ناکۆکی لەو ڕێکخراوەیەدا. ئیمڕۆش ئەو ڕێکخراوەیە بووەتە سێ لەت که ژماره یەکیان سۆپێر کۆمۆنیستی ئێرانی و عێراقین، ژماره دوویان سۆپێر کۆمۆنیستی ئێرانی و هەروەها کوردیشن و ژماره سێشیان نه سۆپێر کۆمۆنیست و نه سۆپێر کوردن بەڵکوو هەلوومەرج و شەقی زەمانه به شێوەیەکی کاتی کردوونی به کورد.

ڕەنگه هێندێک کەس ئەمەی پێ "کای کۆن با کردن" بێ، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیه کاتێک به تایبەتی حدکا و کۆمەڵه له دوو قۆناغی مێژوویيدا یەک له کاتی وتووێژ له گەڵ حکوومەت و یەکیش دوایه له کاتی شەڕ و بەرگری له بەرانبەر حکوومەتدا هەلیان له کیس داو له باتی هاوکاری و پێکەوەنانی بەره زیاتر بزووتنەوەی کوردیان پرش و بڵاو کرد، کەمایەسییەکی گەورەیه که نابێ هەروا زوو له بیر بکرێ. واته له کاتی خۆیدا و له کاتێکدا دوو هێزی سەرەکی حدکا و کۆمەڵه به هێز بوون و دەیانتوانی شوێن له سەر ڕووداوەکان دابنێن، له بەره و مەره خەبەرێک نەبوو، بەڵکوو کێشمەکش هەر له سەر "بەره" بوو. هەروەها وەبیرهێنانەوەی ئەو هەله مێژووییانه به تایبەتی بۆ کەسانێکی وەک برایانی موهتەدی (که یەکیان سکرتێری ڕەسمی و ئەوی دیکەن سکرتێری پشت پەرده بووه) زۆر پێویسته که ئیمڕۆکه له هەموو کەس زیاتر بەردی بەره له سینگ دەکوتن و دەهۆڵی بۆ لێدەدەن.

## 2- لایەنگرانی بەره کێن و کێ نین؟

**کۆمەڵە:**

یەکێک لەو لایەنانەی که له هەمووان زیاتر دوو ئاگرەتره، کۆمەڵەیه. کێشەی کۆمەڵەش لەوەدایه که کۆمەڵەیەک به تەنیا نیه و سێ کۆمەڵه هەیه. هەر کام لەو کۆمەڵانەش خۆیان به میراتگری خەباتی ڕابردووی کۆمەڵه دەزانن. بەڵام با وایدەبنێین که دوو لەوان واته حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێرانین و جێگەیان له بەرەیەکی کوردستانیدا نابێتەوه که دەمێنێتەوه کۆمەڵەی شۆڕشگێران. سەیر لەوەدایه که ڕاست دامەزراندنی بەرەیەکی کوردستانی یەکەم جار له لایەن کۆمەڵەی شۆڕشگێرانەوه هاتۆته گۆڕێ که خۆی به کوردستانی دەزانێ. ئێستاش پرسیار ئەوەیه ئایا کۆمەڵەی شۆڕشگێران ئەمه به دژایەتی دوو کۆمەڵەکانی دیکه دەکاو دەیهەوێ بەڕاستی به نێوی بەره ئەوانی له گۆڕەپانی کوردستان پێ لاواز بکا یان بەڕاستی نیازپاکه؟ ئەمه پرسیارێکه که تەنیا کۆمەڵەی شۆڕشگێران بۆ خۆیان دەتوانن وەڵام بدەنەوه بەڵام ئەوەی بگەڕێتەوه سەر کوردستانی بوونیان و به تایبەت به له بەرچاوگرتنی ڕابردووی سەرکردەکانیان شک و گومانەکان زۆرن.

**یەکیەتی شۆڕشگێران:**

دەهۆڵکوتێکی دیکەی بەره یەکیەتی شۆڕشگێرانه. هەموو مێژووی ئەم ڕێکخراوەیەش دەگەڕێتەوه بۆ ساڵی 1991 کاتێک که یەکدوو کەسی زیزی چریکی "هوییت" له موجاهدین هاتنه دەر و به یارمەتی ڕاستەوخۆی حدکا کران به ڕێکخراوو ناوێکیان لێنرا. لەو ڕێکەوته بەدواوەش کاری سەرەکی ئەوان هاتووچوو بوو له نێوان ئەم دیو و ئەو دیوی کوردستان و باج و گومرک و سەرانه وەرگرتن له قاچاخفرۆش و خەڵکی هەژاری کوردستان. تەنیا قازانجێک که هەتا ئێستا هەیان بووه ئەوه بووه که بوون به پەناگا و شوێنی داڵدەدانی کەسانێک که له حدکا یان کۆمەڵه دەردەکران یان بۆ خۆیان زیز دەبوون و له بنکەکەی ئەوان دەحەوانەوه.

**حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران:**

حدکا سەرەڕای ئەوەی هەمیشە خۆی بە ڕێکخراوێکی ناوچەیی لە ئێران و کوردستانی لە ئێران ناسیوە بەڵام هەتا ئێستا هەر باسی بەرە و پێکهێنانی بەرەی لە گەڵ هێزە ئێرانییەکان کردووە و باسی لە سازکردنی بەرەیەکی کوردستانی نەکردووە. ئەمەش حدکا باش دەزانێ کە نە تێدا سەرکەوتوو بووە و نە ڕێکخراوێکیش بە کردەوە وەڵامی حدکای داوەتەوە. واتە هەر چەندە حدکا خۆی بە ئێرانی زانیوە، ئێرانییەکانی دیکە ئیتر چەپ یان ڕاست باوەڕیان پێنەکردووە و تەنانەت هەروەک شا و دوایەش کۆماری ئیسلامی بە جیاوازی خوازیان زانیوە و دەزانن. ئێستا ڕەنگە حدکا وابیر بکاتەوە ئەگەر هاتوو باسی سازکردنی بەرەیەکی کوردستانی بکا ئەوە هەر خراپتر ئەو جار بە تەواوەتی بە جیاوازیخوازی دادەنێن. ڕاستییەکەی ئەوەیە سەرنەکەوتنی حدکا لە ستراتیژی سازکردنی بەرەیەکی ئێرانیدا حەقیقەتێکی تاڵە بەڵام حدکا نایهەوێ دانی پێدابنێ و پێداچوونەوەیەکی بە سەر سیاسەت و پێوەندییەکانی خۆی لە گەڵ هێزە ئێرانییەکاندا هەبێ. پرسیارێکی دیکەش ئەوەیە کە ڕەنگە حدکا بڵێ لە گەڵ کامە هێزی کوردستانی؟ واتە حدکا خۆی لەوە بە گەورەتر بزانێ کە لە گەڵ تاقمی چەند کەسی بەرە پێکبێنێ. هەر بۆیە هەتا ئێستا حدکا لەم هەڵاو بەزمەی پێکهێنانی بەرەی بە نێو کوردستانییەدا بێدەنگەی کردووە ئەمەش وەک ئاماژەی پێکرا دوو هۆکاری سەرەکی هەیە یەکەم نایهەوێ لە بەرەیەکی کوردستانیدا جێگە بگرێ کە دڵی برا ئێرانییەکانی زیاتر لە خۆی بئێشێنێ دووەم ئەوە حدکا خۆی لەوە بە گەورەتر دەبینێ کە لە گەڵ دەستەو تاقمی چەند کەسی بەرە پێکنێنێ بە تایبەت ئەوە کە لە گەڵ باڵە کۆنەکانی خۆیدا (ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر) یەکیگرتوەتەوەو کۆمەڵە لە بەرانبەر خۆیدا بە هێزێکی چەند باڵ و پرش و بڵاوتر لەوە بزانێ یان لە گەڵ تاقمێکی دیکەدا کە درووستکراوی خۆیەتی بەرە پێکبێنێ.

**3- بەرە بۆ کێ و لە کوێ پێکدێ؟**

بەڵام پرسیار ئەوەیە ئەم هەڵاو هەنگامەی ئێستا لە کوێوە دێ، هۆیەکی چیەو بۆ ڕاست ئێستا. لە کاتێکدا هەموو دەستەو تاقم و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەر لە هەرە گەورەکەیانەوە بگرە تا دەگاتە ئەوانەی کە لە سێ کەس و لەتێک زیاتر نین لە مەیدانی تێکۆشان دوورن و لە باشووری کوردستان یان لە کونجی غەریبایەتی و تاراوگە بۆ خۆیان پاڵیان لێداوەتەوە، (ئەڵبەت جارجار تەقەو تۆقی کۆمەڵەی شۆڕشگێرانمان وەبەر گوێ دەکەوێ) کەسانێک یان یەک دوو ڕێکخراو کە بێجگە لە نێو، نێوەرۆکێکیان نیە باسی ساز کردنی بەرە دێننە گۆڕێ. هۆی سەرەکی هاتنە گۆڕی هەرای سازکردنی بەرەش تەنیا ئەوەیە کە ئامریکا دەچێ و بە خێرای خۆی کوماری ئیسلامیان بۆ دەڕووخێنێ و ئەمانیش دەچنەوە سەر سفرە و خوانی حازر و بازر. ئەم کەس دەستەو تاقمانە دەیانهەوێ هەر لە ئێستاوە خۆیان بکەن بە کوێخا و دمڕاستی خەڵکێک کە لێیانەوە دوورن و لە دوورە وڵاتانەوە نەخشەو پلانیان بۆ دابڕێژن.

**4- ئەدی ئەگەر هاتوو کۆماری ئیسلامی ڕووخا؟**

وەک ئاماژەی پێکرا بەرەیەکی لەو بابەتە چ وەک ئەوەی حدکا دەیهەوێ واتە بەرەیەکی ئێرانی ئیمکانی نیە و حدکاش دەبێ لەو بارەیەوە سەرینی خاترجەمی لە بن سەری دابنێ، هەروەها بەرەیەک لە جۆری ئەوەی کۆمەڵە و یەکیەتی شۆڕشگێرانیش بە قەول بەرەیەکی کوردستانی کە هەر لە ئێستاوە خۆیان بکەن بە کوێخای خەڵکی ناگونجێ و بێجگە لە خۆیان کەس حیسابی پەناباتێکیان بۆ ناکا.

بەڵام وایدابنێن ئامریکا کە ئێستا لە سنوورەکانی ئێرانەو ئێرانیش نەوت و سامانی زۆرە دەچێ و حکوومەت دەووخێنێ یان بە هەر جورێکی دیکە شەڕی کۆماری ئیسلامی لە کۆڵ دەبێتەوە. دیارە لە هەر دوو حاڵەتدا ئەو هێزە کوردییانە بە گەورەو بچووکەوە دەگەڕێنەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەواتە بەو حاڵەشەوە ئایا بوونی بەرەیەک پێویست نیە؟

وەڵام ئەوەیە بەرەیەک کە دوور لە دەنگ و پرسی کورد درووست ببێ و سبەینێ بوونی خۆی بە هۆی بوونی بەرەوە بە سەر خەڵکیدا بسەپێنێ و مەشرووعیەتی خۆی لە خەڵکەوە وەرنەگرێ وەک ئەوەی لە باشووری کوردستان کرا با هەر نەبێ.

مەبەست ئەوەیە کە هیچکام لە ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناتوانن بە حیسابی ڕابردوو خۆیان بە وەکیل و قەیومی گەلی کورد بزانن، ئەوان دەبێ مەشرووعیەت لە ئێستا و خەبات و تێکۆشانی ئێستایان وەربگرن نەک ڕابردوو. بێجگە لەمەش پێش لە هەموو شتێک هێندێک کێشەو ئاڵۆزی ڕابردوو هەیە کە بەر لەوەی باسی لە یەکتزی نزیک بوون و بەرە بکرێ دەبێ چارەسەر بکرێن بۆ ئەوەی هەمان هەڵەی پێکهێنانی بەرەی باشووری کوردستان و پاشان شەڕ و پێکدانانیان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش دووپات نەکرێتەوە. با لە باتی بەرە (نێوی گەورەو بێ نێوەرۆک) ئەم دوو کارانەی خوارەوە بکرێن کە پێش لە هەموو شتێک متمانەی لە دەستچووی خەڵکی بگەڕێنێتەوە:

**یەکەم:** حدکا و هەر سێ کۆمەڵەکە هۆی شەڕو پێکدادانی چەند ساڵەی نێوانیان ڕوون بکەنەوە و بە خەڵکی کوردستانی بڵێن. لانیکەم داوای لێبووردن لە کەس و کاری ئەو نزیک بە هەزار (ئێستاش کەس ژمارەی درووست نازانێ) پێشمەرگەیە بکرێ کە بە خۆڕایی کوژراون.

**دووەم:** حدکا و هەر سێ کۆمەڵەکە هەر لە ئێستاوە قەول وبەڵێن بە خەڵکی بدەن کە لە گەڕانەوەیاندا بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان دیسان هەوەسی دەسەڵات تووشی شەڕێکی دیکەی نێوخۆییان ناکات، ئەمەش لە ڕێککەوتننامەیەکی ئاشکرا بە ئاگاداری بیروڕای کوردی بگەیەندرێ.

با ئەم دوو ئەرکە لە پێشدا جێبەجێ بکرێن ئەودەم باسی ئەگەر و شێمانەی بەرە بکرێ!!!

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی نووسەرەکەیەتی، کوردستان نێت لێی بەرپرسیارنییە.